سبحان الله، ئەمە لە شەیتانەوەیە؛ با لە نێو تەشتی (ئاوەکەدا) دابنیشێت، ئەگەر زەردی بینی لەسەر ئاوەکە؛ با خۆی بشوات بۆ نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بە یەک خۆشۆردن، وخۆی بشوات بۆ نوێژی مەغریب وعیشا بە یەک خۆشۆردن، وخۆی بشوات بۆ نوێژی بەیانی بە یەک خۆشۆردن، ولە نێوانیان دەستنوێژ بگرێتەوە

لە ئەسمائی کچی عومەیسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم ئەی پێغەمبەری خودا، فاتیمەی کچی حوبەیش تووشی ئیستیحازە* هاتووە لە ئەوەندە وئەوەندەوە ونوێژی نەکردووە لەو کاتەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سبحان الله، ئەمە لە شەیتانەوەیە؛ با لە نێو تەشتی (ئاوەکەدا) دابنیشێت، ئەگەر زەردی بینی لەسەر ئاوەکە؛ با خۆی بشوات بۆ نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بە یەک خۆشۆردن، وخۆی بشوات بۆ نوێژی مەغریب وعیشا بە یەک خۆشۆردن، وخۆی بشوات بۆ نوێژی بەیانی بە یەک خۆشۆردن، ولە نێوانیان دەستنوێژ بگرێتەوە (ئەگەر ویستی)». *(ئیستیحازە: واتە دەرچوونی خوێن وبەردەوام بوونی لە پاش ڕۆژانی ئاسایی سووڕی مانگانە)

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

فاتیمەی کچی حوبەیش تووشی ئیستیحازە* بوو، وئەمە بووە هۆی ئەوەی نوێژ نەکات بۆ ماوەیەکی زۆر. پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (سبحان الله): ئەمیش لە ڕوانگەی سەرسوڕمان بونەوە، واتا: -صلى الله عليه وسلم- بەلایەوە سەیر بوو کە نوێژنەکات بۆ ئەو ماوە درێژە، هەرچەندە خوێنەکەش خوێنی سووڕی مانگانە نییە، بەڵکو ئەوە ئازاردنێکە لە شەیتانەوەیە؛ (با لە نێو تەشتی -ئاوەکەدا- دابنیشێت، ئەگەر زەردی بینی لەسەر ئاوەکە): پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونێنی کرد بۆ جیاکردنەوەی سووڕی مانگانە لە ئیستیحازە، ئەویش ئەوەیە دابنیشێت لە نێو تەشتێک ئاودا ئەگەر زەردی بینی لە سەرووی ئەو ئاوەی لە نێوی دانیشتووە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پاکبووەتەوە لە سووڕی مانگانە؛ چونکە خوێنی سووڕی مانگانە ڕەش وچڕە، وجگە لەمە خوێنی ئیستیحازەیە. (با خۆی بشوات بۆ نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بە یەک خۆشۆردن، وخۆی بشوات بۆ نوێژی مەغریب وعیشا بە یەک خۆشۆردن، وخۆی بشوات بۆ نوێژی بەیانی بە یەک خۆشۆردن): واتا ئەگەر زەردی بینی لەسەر ئاوەکە، ئەوا با لە شەو وڕۆژێکدا سێ جار خۆی بشوات، بۆ نیوەڕۆ وعەسر یەک جار، وبۆ مەغریب وعیشا یەک جار، وبۆ بەیانیش یەک جار. (ولە نێوانیان دەستنوێژ بگرێتەوە -ئەگەر ویستی-): واتا ئەگەر بیەوێت لە نێوان نوێژە فەرزەکان نوێژی تر بکات؛ ئەوا دەبێت جارێکی تر دەستنوێژ نوێ بکاتەوە، چونکە دەستنوێژی شکاوە بۆیە دەبێت تەنها دەستنوێژ نوێ بکاتەوە وخۆی ناشوات؛ چونکە خۆشۆردن تایبەتە بە پێنج نوێژە فەرزەکە، وئەم خۆشۆردنە موستەحەبە -سونەتە- واتا باشتر وایە ئەنجامبدرێت و واجب نییە هەروەکو لە فەرموودەکانی تردا هاتووە. *(ئیستیحازە: واتە دەرچوونی خوێن وبەردەوام بوونی لە پاش ڕۆژانی ئاسایی سووڕی مانگانە)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10017